

# کوڕە ژەهرەکەی کوێستان

**جەبار جەمال غەریب**

پێشکەشە بە موزیکژەن «سابات حەمید»

**مێروولەیەکی زیندانی ناو شووشە**
**دەنکە گەنمێک بەشی یەک ساڵی دەکات**
**ئەو دەنکە گەنمەی تۆش بۆت جێهێشتم، گوڵئەندام**
**وەک تاکە خاڵی سەر ناوەکەت**
**بەشی سەد ساڵی من دەکات.**

خەڵکی وڵاتێک هەیە ڕۆژێک دەداتە شەقەی باڵ، وەک قورینگ و مراوی بە ئاسمانی بێسنووردا دەفڕن، وەک تیر هەورەکـان دەبڕن، کـە هەتاو وردە وردە دەیانکات بە هەڵم، وڵاتێک بە ژن و پیـاو و منداڵ و پیـرەوە دەکـەونە هەوا، ئەوان پشدەرییەکانن.

دێوی ڕەش هات و پشدەرییەکانی لە توورەکەی ئاسن کردن، داینە دەست ڕەشەبا، بەگوند و شاراندا بڵاوی کردنەوە، پشدەرییەکان هەمـوو شتێکیـان لەگەڵ خۆیان برد، دۆڵاب و کەنتۆر، قاپوقاچاغ و نوێن، هەمـوو شتـێک، مەڕ و گا و گۆلک، کـەلوپەلی دوکانەکانیـان، یادەوەری و ئەلبووم و کارتی جەژنەپیرۆزە و نامـە نهێنییـەکانی عـەشقبـازییـان، پشدەری هەمـوو شتـێکی لەبیـر چێ، نامـە دڵدارییەکـانی لەبیـرناچێ، لە شـوێنێکدا هەر دەیشـارێتـەوە، ئەگەر پزووی دەرپێیەکەی بێ، هەمـوو شتـێک، کـورسی و مـێزی قـوتابخانەکان، بەرماڵ و فەرشی مزگەوت هەمـوو شتـێکیـان لەگەڵ خۆیان برد، دێوی ڕەش لە ڕەگەوە هەڵی قـەندن، هەر شـتـێک دێـوی ڕەش هەڵی قـەنێ هەرگـیز ناڕوێتـەوە، بەسـەریدا هاوار دەکردن:

– هەموو شتێک بێنن، لەسەر ئەو خاکە نەفرەتییە هیچ جێ نەهێڵن، ماڵەکانتان بڕووخێنن و دەرگا و پەنجەرەکانیش دەربێنن.

لەگەڵ یەکەم پاچ، ڕەگی خوێنی ئەو شارە تەقی، چەند دەرگا و پەنجەرە دەردەهاتن، خوێن ئەوەندە زیاتر دەڕژا و بە هوروژمتر دەبوو، ڕەنگی پشدەرییەکان زیاتر زەرد دەبوو، تۆزوخۆڵ تەواوی شاری داپۆشی، ئەوان هەموو شتێکیان برد، هەموو شتێک، تەنیا دڵیان نەبێ، هەر کەسەیان بە نهێنی، لە ناو گۆڕەکان شاردیاننەوە، لەبەر دەرگای ماڵەکانیان ناشتیانن، پشدەرییەکان دەزانن کەسێک دڵی پێ بێ، ناتوانێ لە دەربەند ئاوابێ، تاقە یەک کەس دڵی لەگەڵ خۆی برد ئەویش لەگەڵ ئاوابوونی لە دەربەند لە لێدان کەوت، جگە لەو هیچ پشدەرییەک لە دوای جێهێشتنی شارەکەیان دڵی لەگەڵ خۆی نەهێنابوو، دێوی ڕەش پشدەرییەکانی لە توورەکەی ئاسن کرد، فڕێیدان و بە شار و ئوردووگا وێرانەکاندا بڵاوی کردنەوە.

ڕۆژێک خەڵکی وڵاتێک دەدەنە شەقەی باڵ، ڕۆژێک پشدەرییەکان وەک قورینگ و مەل باڵ دەگرن، لە ئێوارەیەکی بەهاری نەوەد و یەک، پشدەرییەکان دایانە شەقەی باڵ بەسەر شار و گوند و کێڵگەکاندا، بەناو دووکەڵی خەستی ئازادیدا فڕین.

دێوی ڕەش هەموو شتێکی وێران کردبوو، وڵاتی کردبووە زیندانێکی گەورە لە پۆڵا، بەڵام هەر وەک هەموو دێوە ڕەشەکانی ناو حیکایەتەکان، ئەو دێوە ڕەشەش دڵی لە کولەکەیەکدا بوو، کولەکەیەک لە بنی دەریا شاردبوویەوە، لە بنی دەریا قووڵەکانی کەنداودا تەقەتی کردبوو، کولەکەکەیان لەوێ شکاندبوو، دێوی ڕەش لە ناوەڕاستی وڵاتدا بە زەویدا کەوت، لەگەڵ بە زەویدا کەوتنی، نیوەی شارەکانی وێران کرد، هەزاران هەزار کەسی پان کردەوە.

هەر ئەو ڕۆژە پشدەرییەکان دایانە شەقەی باڵ، فڕین و دوای دەربەدەرییەکی تاڵ، بۆ یەکەم جار توانییان لە دەربەند ئاوابن، وەک قاز و قورینگ ملیان ئەوەندەی دەکرێ، بەرەو قەڵادزێ درێژکەن و بقیرێنن.

وەک دەربەندی ڕانیە بەسەدان زنجیری ئەفسانەیی بەسترابێ، کە ئەوان تێپەڕین، دەنگی پچڕانی زنجیر و شەقەی باڵی قورینگە گەنجەکان و هەڵاتنی خۆرێکی نوێ، بەسەر سەوزە گیای بەهاری خنکاو لە ناو خوناودا دەنگی دایەوە. پشدەرییەکانی لە ناو تەمی بەیانی ڕۆژێکی نوێ، تەرمی گوند و شارەکانیان دیت، کە هێشتا لە شوێنی خۆیان بە پارچە پارچە کراوی کەوتبوون.

قەڵادزێ وەک شەهیدێک لەکاتی بەرگریدا پێکرابێ بەسەر سەردا کەوتبوو، دەستێکی کەوتبووە بن خۆی، ئانیشکی لە جۆمخڕکەوە نووشتابۆوە، دەستەکەی دیکە پەڕیبووە ئەوبەری پێماڵکێ، خوێنێکی وشکەوە بوو زێرابەکانی پڕکردبۆوە، ژیان جگە لەسەر قەبرانەکەی لە هیچ شوێنێک نەما بوو.

* * *

سیروان لە تەنیشت بابی دانیشتبوو، لاندگرۆزەرەکەیان وەک دەفری فڕیو لەشار نزیک دەبۆوە. هێز و جوانی و خوێنێکی تازەی لە ڕوخساری بابی دەدیت. دەتگوت ئەوە لاندگرۆزەرەکەی کردۆتە کۆڵ و دەفڕێ. عەلی بۆیاغچی کە لاشەی دیوارەکانی دەدیت پانەوپان کەوتوونە سەر یەکتری، پێش ئەوەی دڵی سیروان توندبێ، گوتی:

– ئێرە قەڵادزێیە پایتەختی میهرەبانی دنیا.

سیروان هێشتا شازدە ساڵانە، چوار ساڵە قەڵادزێی جێهێشتووە، چوار ساڵ بۆ شارێکی ئاوا شیرین و ئاشنا چوار سەدەیە، کە لە هەورازەکە سەرکەوتن، عەلی بۆیاغچی گوتی:

– لێرەوە سەڵتەشێن دەفەکەی بە شێوەکەدا هەڵدا خوارێ، دەفەکە تا سەر ئاوەکەش چوو، وەک کۆترێکی فڕیو گەڕایەوە ناو دەستی سەڵتەشێن، خەڵکەک سوجدەیان برد و خۆر بۆ ساتێک وەستاو سووڕانەوەی بیرچۆوە.

ماڵی مام ئەمەری، ماڵی ڕەزا قولی، گەراجی وێران، هەمووی هەر وێران، قەیسەرییەکەی کانەبیاغای، مزگەوتی گەورە، نووچێک چاوی نوقاند، گوزەری خەیاتەکان، کەبابخانەکەی وەستا ڕەشید، بە یەکسانی تەقێنرابوونەوە، تی ئێن تی و باروت سینگی هەموو شتێکی شەق کردبوو، تا ناو مۆخ و قووڵایی خوێن ڕۆیشتبوو، ئەو چوار ساڵەش تەنیا ئاسمان بەسەریاندا گریا بوو.

عەلی بۆیاغچی وەک قەڵادزێییەکی فەرامۆشکار و بە سەبر، بۆ ئەوەی زەبری کارەساتەکە لەسەر سیروانی کوڕی سووک کات، گوتی:

– لەو مزگەوتە بڕیاری جێژنەکان دەدرا، بەغدا دەیکردە جەژن، سعوودیە دەیکرد، تاران و ئەنقەرە دەیانکردە جەژن، خەڵک لەبەر ئەو دەرگا گەورەیە، (لە کاتی قسەکاندا تەنیا چەند پایەیەکی بەسەر یەکدا کەوتبوو) کۆمەڵ کۆمەڵ، لەو دیو دەرگایەکەوە تا ژووری مەلا دەڵگەیی، بەڕیز ڕادەوەستان، خەلیل چاوەش بە دەهۆڵەوە و زرار بە زوڕناوە لەوێ، لەناوەندی جادەکە ڕادەوەستان (کە ئەو کاتە تەنیا ڕێخۆڵەیەکی پچڕپچڕ بوو) چاوەڕێی فتوای مەلا بوون، کەس خەبەری جەژنی لەبەر نەبوو، تا کۆبوونەوە و ڕاوێژیان تەواو دەبوو، تا پەپوولەی (بیکەنە جەژن) لەسەر لێوی مەلاوە هەڵدەفڕییە سەر دەهۆڵەکەی خەلیل، لەگەڵ ڕمبە ڕمبی دەهۆڵ و فیقەی زۆرنا خۆشیی جەژن وەک شەکر و نەبات لە دڵی تەواوی خەڵکی شاردا دەتوایەوە.

ئەوکاتە نا، ئەو کاتەی عەلی بۆیاغچی ئەو قسانەی دەکرد، سیروانی کوڕی و هاوسەرەکەی و دوو کچە پارچەڵەکەی لەناو لاندگرۆزەرە شینەکەیانەوە دەیانڕوانییە شاری لەت لەت.

ڕوانینە شاری لەت لەت تەنیا کەسێک ئازارەکەی دەزانێ کە پشدەری بێ و لەت بوونی قەڵادزێشی دیبێ. منداڵی عەلی بۆیاغچی لەبن تۆز و ماڵ و دوکان و خاناقای ڕووخاوەوە هەناسەیان لەبەر بڕابوو، عەلی بۆیاغچی سۆفی ئەنوەریشی دەناسی، دەیانگوت منداڵی هەموو دنیایە ڕوویان لە خانەقای کردبا ئەو دەستی دەبرد بۆ دار هەناری، ئەگەر چلەی زستانێ بایە دەستی بەبێ هەنار نەدەگەڕایەوە. لەگەڵ ئەو هەموو وێرانەییەش خۆی دەدی، بە منداڵی خۆی دەدەی، بە باڵایەکی باریک و چالاکەوە، وەک تیتروسک بەناو کۆڵان و بازاڕی شاری سەلامەتدا ئەوسەر و ئەو سەر دەکات.

چوونەوە ماڵە کۆنەکەی خۆیان، خانووە کۆنەکەیان، شاگەشکەتر بوو بە بینینیان، ئەگەر چوار پەلی ورد نەبووبا، بەو پیریەوە، هەڵدەستا سەرێ و سەمای سەردەمی هەرزەکاری بۆ دەکردن. لەو ڕۆژەوەی ئەو خێزانە ئەو خانووەیان جێهێشتووە، هەرکەسەو شتێکی گۆڕا بوو، عەلی ژمارەی مووە سپییەکانی سمێڵی تەواو هەڵکێشابوون، دایکی سیروان گەنجەکانی بەرچاوی، خوشکەکانی ڕەونەقی چاو و کولمەیان، سیروانیش دەنگە بۆڕەکەی و زیپکەیەکی زۆری لەسەر ڕوومەت و نێوچاوانی لەگەڵ خۆی هێنابۆوە.

دیوارە ڕووخاوەکان هێشتا نووسین و بۆیاغ و شوێن بزمار و خشتەی تاقیکردنەوەی ئەو دەمیان پێوە مابوو، کە بەپێوە بوون. ناوی منداڵەکان، خشتەی وانەکانی قوتابخانەی سیروان، بەڵام کوا دڵێکی لەت لەت و شەلاڵ لە خوێندا فریای ئەو وردەکاریانە دەکەوێ.

دوای گریان و فرمێسک ڕشتن و ئاخ و ئۆف، سیروان دیتی دایکی لەلای دیواری پشتەوەی ژووری نووستنیان وەستاو، سەری بردە پێش و ماچی کرد و گوتی:

– ماڵی خۆت، ماڵی خۆت لە هەموو دنیا خۆشترە.

ئەو قسەیە دەمارە پچڕاوەکانی عەلی بۆیاغچی پێکەوە گرێدانەوە و گوتی:

– هەموو دنیا هێندەی خشتێکی ئارامیت ناداتێ.

بڕیاری دا دیوارەکانی هەستێنێتەوە سەر پێ، عەلی تەنیا بۆیە توانی ئەو بڕیارە بدات، چونکە هێشتا دیوارەکانی ناو دڵی نەڕووخابوون.

هەر ئەو ئێوارەیە، پەنا ئەو دیوارە نیوە ڕووخاوەی دایکی ماچی کرد و وێنەی لێوەکانی لەسەر تۆزەکەی سەری ڕەسم بوویان خاوێن کردەوە، لەتە بلۆک و بەرد و داریان لێ فڕێ دا، بە بەتانی دەورەکەیان گرت. شەوی وەک جاران، لەسەر پەڕی لای ڕاست باوکی، جا سیروان، جا دوو خوشکەکەی، لەوسەریشەوە دایکی، ئارام نووستن. ئەوان پێش ئەوەی ڕاگوێزرێن هەر ئاوا دەنووستن، بەو جیاوازییەی کە لە ئاوارەییدا خوشکە بچووکەکەی، حەسرەت، لە دایک بووە.

***

بەیانی خۆرێکی تازە، زووتر شاری بێ دیواری ڕووناک کردەوە. ئەو ڕۆژە خەڵکێکی زۆرتر گەڕانەوە، ئێوارە ماڵی پوورە شیلانی دەرکەوتن، ناو خانووە ڕووخاوەکانیان پڕ کرد لە گریان و فرمێسک، بەتەنیشت کۆڵێک شادمانی و خۆشبەختی یەکتر دیتنەوە. ڕاستە شاری ویران و چۆڵکراو لە هەموو شتێکی کەمە، بەڵام لە هەموویان زیاتر دەنگە، دەنگ شار هەڵدەستێنێتەوە سەر پێ، تەنیا دەنگ ترس دەڕوێنێتەوە، عەلی بەدەنگە ساغەکەی خۆی کە سالانێک بوو لێی کەوتبوو، گوتی:

– شیلان خۆت بە هیچ خەریک مەکە، ئاگر نەکەیەوە، شەرمین نانمان بۆ حازر دەکات، بزانە دەعوەتی بن خانووی ڕووخاو چ لەزەتێکی هەیە!

نەمانی تەمی ئاوارەیی نێو قوڕگی عەلی شادییەکی خستبۆوە.

جا شیلان چ بکاتەوە، خانووەکەی ئەوان تەواو ڕووخابوو، شەرمینی دایکی سیروانیش چووە لایان، دواتر هەموویان هاتنەوە ژێر ژوورە بەبەتانی دەورگیراوەکەی عەلی بۆیاغچی.

سیروان خەریک بوو گوڵئەندام نەناسێتەوە، چوار ساڵە نەیدیبوو، ئەوان چووبوونە بازیان، ئاخر دەوڵەت قەڵادزێییەکانی سەرپشک کردبوو، کە دەیانەوێ بەتامی کوێ ئازادی خۆیان سەربڕن، گوڵئەندام باڵابەرز و قژ درێژ، کوڵمە پان و لێو بەخەندە، دەموچاوە سوورەکەی پڕ بوو، لە خاڵی زەردی ئاڵتوونی، لەگەڵ بابی، مێردی پوورە شیلانی سیروان، قازێکی سەربڕاوی بە دەستەوە بوو، پێش سەڵاوکردن، گوتی:

– بە خێری خاوەنەکەی سەرم بڕی، خوا دەزانێ هی کێیە.

ئەوانەی دیوارەکانی ماڵ و شارێک هەڵدەنێنەوە، لە ناخی خۆشیاندا هەست بە دروستکردنەوەی دیوارە ڕووخاوەکانی دڵیان دەکەن. دەزانن لە ناوەوەی خۆشیاندا چی لە گۆڕاندایە، هەموو شتێک گۆڕا، شار هەستایەوە سەر پێ، شەقامەکانی ڕاکشانەوە، زەنگی قوتابخانە و دەنگی قورینگە کۆچەرەکانی ئاسمانی شار پێکەوە دڵی هەمووانیان خستەوە سەر کەڵکەڵەی ژیان.

– ئیدی تەواو تێگەیشتم من ون نەبووم، وڵاتی خۆم دۆزییەوە.

سیروان بەو دەنگە ڕاچڵەکی، ئەوە کێیە لە کۆڵانەکەی ئەوان وڵاتی خۆی دۆزیوەتەوە؟ دەنگێکی گەنج، بەڵام زبر، وەک درک بە پەتکی ژیانی پشتیدا چوو. کوڕێکی لە خۆی باریکتر و تۆزێکیش کورتتر، لەسەری کۆڵانەکەیان لای گوڵئەندام وەستاوە، پێدەکەنێ، دووبارە گوتییەوە:

– گوڵئەندام، لەو کۆڵانە ڕووخاوانەدا گێژ بووبوم، بەتۆوە ئێرەم ناسییەوە، ئیدی ون نابم.

گوڵئەندام خۆشحاڵ، خۆشحاڵی دۆستێک بە هاوسێی غەریبیان، پێکەنی و گوتی:

– ئەوە ئێوەش هاتوونەوە؟ کوا لەکوێن؟

کوڕە گوتی:

– لەسەر هاتنەوەین، هەموو هاتنەوە، بازیانیان چۆڵکردووە.

چەند ڕۆژێک دواتر ماڵی عەبدوڵڵا میقات، هاتنەوە، بە پیکابێکی سوور هاتنە بەردەم ماڵی پوورە شیلانی سیروان، وەک دۆستی هەزار ساڵە بن، باوەشیان لێ دا و یەکتریان ماچ کرد.

تا ئێستا هیچ کەسێک نەبووە، بە دۆستێکی سەردەمی غەریبی ماڵی پووری دڵخۆش بێ.

سیروانیش بە هەمان هەستی بەناڕەحەتی و بوغزەوە، لە دایکی پرسی:

– ئەوانە کێن هێندە خۆشەویستی ماڵی پوورە شیلانن، خزمانن؟

– نا، خزمان نین. چەند ساڵان لە ئاوارەیی پێکەوە بوون، لەبازیان دیوار بە دیواری یەکتر بوون، ئاگایان لە یەکتر بووە.

سیروان هەر ئەوەندەی وەڵامەکەی دایکی چووە مێشکەوە، ئاگایان لە یەکتر بووە، بە گاڵتەوە گوتی: ماقوچە، تێگەیشتم.

نەیزانی بۆ دڵی تەنگ بوو، لە شارێکی وێران تەنگتر، ویستی وەڵامی دڵی نەداتەوە، فەرامۆشی کات و نەیبینێ، بەڵام نا، دڵی تەپ تەپ، شێواو و خنکاو خۆی بە سنگیدا دەدا، ویستی خۆی خەریک کا، بە هەر شتێکەوە، تەنیا دڵی نا، تۆزێک دوور کەوتەوە، چووە کۆڵانەکەی بەرانبەریان، مزگەوتەکەش بە تەواوی ڕووخا بوو، ئەوەش درۆ بوو، میحرابەکە لە هەموو شوێنێ زیاتر وێران بووبوو، پەڕەی قورئان بە بیسمیلاکەیەوە بووبووە خۆڵەمێش، هەندێ لە بەرگە ڕەق و ئەستوورەکانیان لەتوپەت، لەو لاو ئەولا لە ژێر بلۆک و لادیواری ڕووخاوەوە با دەیلەراندنەوە. تەنیا تووەکەی ناوەندی حەوشە تەواو گەشەی کردبوو، ئەستوورتر لە جاران وەستا بوو، سیروان چووە لای حەوزە ڕووخاوەکە دانیشت، هێشتا دارتووەکە ماڵی هەزاران باڵندە بوو، ئەو بە منداڵیش دەهاتە ئەو مزگەوتە و خودا پەرستێکی بێ ڕیا بوو، ڕەمەزانان هەر لە خزمەتی نوێژکەراندا بوو، بەیانیان دوای نوێژ، لە ژێر ئەو دارە تا تیشکی خۆر دەردەکەوت، ئایەتە دوورودرێژ و دڵ ڕووناککەرەوەکانی دەخوێند، فرمێسکی گەورە، بە خۆشنوودییەکی گەورەوە دەڕژانە سەر کوڵمی، خودا ئەو ڕۆژانە چەند لێیەوە نزیک بوو، ئەوەندە نزیک چیدی پێویست نەبوو، بە لەفز لەبەری بپاڕێتەوە، بەڵام نا، ئێستا نا، دڵی ناچێتەوە سەر نوێژ و نزا، خودا لە تەنیشتی نەماوە، تەنیایە، لەو سورەتی یووسفە تەنیاترە، کە هەر ئێستا، با وەک کۆڵارە بردی. لەتەنیاییشدا دیسانەوە خودا هاوڕێیە، ئەو لە تەنیاییدا

هەمیشە خودا هاوڕێیەتی، بڵندگۆ و مەلاکان بە هاوار هاوارەکانیان خودای لێ دوور دەخەنەوە، ئێستا نا، ئێستا دڵی ناچێتە سەر نوێژکردن، دڵی چاکتر بووبوو، لەسەر ئەو تاتانەی هەزاران نوێژی لەسەر کردبوون، نوێژێکی دوو ڕکاعەتی بێ نییەت و ناوونیشانی کرد. ڕووناکییەک هاتە ناو دڵی، خودا، خودا تاکە نوورە دڵ ڕووناک دەکاتەوە، ئەو لە خودا توورە بوو، بە عەقڵە منداڵییەکەی خۆی لۆمەی خودای کرد، بۆچی ڕێگادەدات، شارەکەی وێران بکرێ، قورئان بسووتێنرێ، هێشتا گلەییەکەی مابوو، ویستبووشی فەرامۆشی کات، کە لە مزگەوتەکە هاتە دەرێ، دیتی گوڵئەندام لەسەری کۆڵانی ماڵی ئەوان ڕاوەستاوە:

– بەدوای تۆدا هاتم، وەرە ماڵی ئێمە نان بخۆ.

سیروان سەیری خوارتری کرد، کوڕە باریکە سوورەکە چاوەڕێی گوڵئەندامی دەکرد، بێ ئەوەی بپرسێ، گوڵئەندام گوتی:

– ئەوە هێرشە، پێکەوە گەورە بووین.

هێرش نزیک بووبۆوە، دەستی بۆ سیروان ڕاداشت، گوتی:

– من تۆ دەناسم، گوڵئەندام زۆر باسی تۆی بۆ کردووم، وامدەزانی بچووکتری.

سیروان چوو، تا لای ماڵی پووری چوو، هەیوانەکەیان خاوێن کردبۆوە، جێگایان لێ ڕاخستبوو، لە دەوری یەکتر دانیشتبوون، دواتر خۆی دزیەوە، ڕێگای کۆڵانە وێرانەکانی گرتە بەر، بەسەر سەقفی کەوتوو، دیواری ناوەندی شەقام، دار و بەرددا بازی دەدا، سەری لەو نیگەرانییەی ناخی دەرنەدەچوو، ئەو دڵە خەڵتان لە خوێنەی بۆ کوێ بەرێ؟ لە خۆی دەپرسی چییە؟ چییە؟ هۆکاری ئەو هەموو خەمۆکییە چییە؟ زۆر دوور کەوتبۆوە، خەریک بوو لەشار دەچووە دەرێ، نەیدەوێرا بڵێ، ئاخر هیچ نییە بیڵێ. نا، گوتی خۆ من هیچ لەگەڵی نیم، ئەو کوڕە نەفرەتییە بۆچی ئەوەندە دڵتەنگی کردووم! ئەوان سەدان ڕۆژ پێکەوە بوون، لە وشەی پێکەوە بوون دەترسا. دڵی خۆی دەدی، وەک لە ناو حەزی خوێنی گایەکەدا مەلە بکات، تەنگ بووبوو، لە گەڕانەوەیدا کاتێک پێی ترازاو خۆی بە لا دیوارێک گرتەوە، بەخۆی گوت:

«گوڵئەندام چی لەو دڵەی من کردووە؟»

گوڵئەندام هیچی نەکردبوو، هەر هیچ، تەنیا ئەوەندە دڵەناسکەکەی ئەوی دابووە بەرشەق وەکو گۆ، بەبێ ئەوەی ئاگاشی لێبێ. هەر لەیەکەم ڕۆژەوە کە هاتنە لای ئەوان و نانیان خوارد، هەر ئەو ڕۆژە، بێ ڕەزامەندی خۆی، دەستی برد پارچە نانەکەی ئەوی لێ کردبۆوە تاوی دایە و خواردی، هەر ئەو ڕۆژە لە قاپی شلەکەی ئەوی خوارد، بەشوێنی لێوی ئەو لە پەرداخەکە ئاوی خواردەوە. هەر ئەو ڕۆژە گوڵئەندام کە کەس نازانێ، سەر بە ڕەگەزی شەیتانە، یان توخمی فریشتە، دڵە خاڵی و تەماوییەکەی ئەوی برد، لە ناخەوە دڵە خامۆشەکەی دەرهێنا، چەند دەماری سوور و شین و پچڕاوی لە سنگیدا بە جێهێشت.

گوڵئەندام لە وەسوەسەی دڵی ئەو کوڕە پوورەی حاڵی نەبوو، ئەو ڕستەیەی لە مێشکدا مابوو، کە پێش ئەوەی بڕوات، گوتی:

– من پێویستە بڕۆم، جارێ تۆ سەرقاڵی میوانەکانتی.

خۆشە کوڕێکی ئەوەندە کەر بی، باوەڕ بە ناحاڵی بوونی کچ بکەی.

لەو ڕستەیەدا دەنگی وشک بوو، پڕ گومان و گلەییش، شتێک لە سەرکۆنەش، لە خۆی پرسی:

– لە سەر چی؟

هەر بۆ خۆی وەڵامی خۆی دایەوە:

– لەسەر ئەو سەر زلە.

بە بزەیەکی شەیتانانەوە سەیرێکی هێرشی کرد. هێرش هەستابووە سەرپێ، داک و بابیشی، بابی هێرش، عەبدوڵڵا میقات، پێش ئەوەی بڕوات، گوتی:

– تازە ئێرەت پێ دروست ناکرێتەوە، خەرجی دوو خانووت هەر لە خاوێنکردنەوەی دەچێ، وەرنە سەرەوە، بینەوە جیرانی مە، چ زۆر عەرز زۆرە، لە تەنیشت یەکتر خانوو دەکەین.

پوورە شیلان و بابی شیلانی، حەسەن لەنگە، هەردووکیان پێیان باش بوو، هەر چەند دڵیشیان لای خانووە ڕووخاوەکەی خۆیان و هاوسێیەتی ماڵی پووری بوو. هێرش لە پەناوە لێی پرسی:

– ئەو خزمەت بۆچی هێندە توورەیە؟

– هەر بۆ خۆی نیگەرانە.

سیروان بەرنامەی دادەنا، باڵەخانەی هەوربڕی لە ئومێد دروست دەکرد، دەستی گوڵئەندامی گرتبوو، هەروا بەشنەی با گەورە بووبوون، بە گزنگی خۆر جلەکانیان دەگۆڕا، لەگەڵ هەورێک دەیاندایە شەقەی باڵ، ئەوەندەی پەڵەهەور نەوییان خستەوە، سەد خەیاڵ و تاسەی هەبوو،

نا قـەڵادزێ جێناهێـڵێ، لەگـەڵ هەور باڵ ناگـرێ، بەڵام دەستی گوڵئەندام دەگرێ، دەستی دەگرێت و بە پێکەنین و شـاگـەشکە بوونەوە، گـەورە دەبن، بایەک دەیانبـا ، دەیانبـاتە سـەر جـۆگـەیەک و دەبنە گـوڵەباخ، سـەدان گـوڵەباخ وەک لێـوی بەرەبەیان بەدەوریانەوە دەپشکوێ. حەیف شەیتـانێک دەچێتـە نێـو خـەیاڵپـڵاوییـەکـەی، گـوڵئـەندام فـڕێ دەداتە ئەوبەری جۆگـەیەکەوە، دەبێـتـە ڕیزێک گــوڵەباخ، درێژ دەبێـــتـــەوە، ئەو لەوبەر و ئەو لەوبەر، هەر چەند درێژ دەبنەوە ناگەنە یەکتر.

سـیـروان مـاندوو نابێ، گـەورە دەبێ، بە دیار شـاری وێران و عـەشـقـێکی نادیارەوە گـەورە دەبێ، بەدیار تێپـەڕبوونی هەتاو و سێبەرەوە، نامـەیەکی دووردرێژی نووسی:

«پێش ئەوەی تۆ ببـینم، لووتم لە ئاسـمـان بوو، زەویم نەدەدی، نەک ئینسانەکانی، ئەو ڕۆژەی کە تۆم دی، دڵم داخورپا وەک ئەوەی دیوارێکی گەچ بێ، دیوارێک لە لمی دەریا بێ، یەک کیلۆ باڕووتیـان لە ژێر تەقـاندبێـتـەوە، بەسەر یەکدا ڕووخا ، لەو ڕۆژەوە نەک لووتم، دڵم، ڕوحم، کەسایەتیم، کەوت و کەوت، لەگەڵ زەوی تەخت بوو ، من تەنیا بە پێ لێنانێکی تۆ هەڵدەستمەوە»

سیروان زۆری نووسی، هەموو ڕۆژێ لاپەڕەیەکی تازەی پڕ دەکـردەوە، نامـەکـەشی بۆنی شـارە وێرانەکـەی، بۆنی خۆڵ و قسڵی کۆن و گیای ڕزیوی لێ دەهات.

هەمــووی ئاوا «پێش تۆ هیــچم نەدەدی، جــوانیم نەدەناسی، پێش تۆ ســەرم بۆ هاواری جــەللاد شــۆڕ نەدەکـرد، ئێـسـتـا هەمـوو شـتـێک دەبینم، هەتاوی سەر ئاســـۆس، پەپوولەی یەک ڕۆژە، چاوی زەردی گــوڵ، هەمووشی تۆی، دنیا بە ڕەنگی تۆوە دەبینم»

زۆری دیکەی بۆ نووسی، نەک هەسـتی دەکـرد، بەڵکو خوێنی بەڕاستی دەتکایەوە سەر کاغـەز، خوێنی دڕژێتە ناو قـەڵـەمەکەی، بابڕژێ لەوە باشتـر هەیە بەخـوێن نامە بنووسێ، ئەگـەر خـوێن یەک تۆز بەهای هەبێ، لەسـەر کـاغـەزەکـەی بەردەمـیـەتی، بەرد نەمـاوە، دیوارە ڕووخـاو نەماوە دێڕێکی عاشقانەی لەسەر نەنووسیبێ.

زۆری نووسی «هەرگــیــز وەک ئێــســـتـــا هەژار نەبووم، هەژاری، کراسی دڵمی کون کون کردووە، تەنیا بە تۆ، بە ڕەونەقـێک لە چاوی تۆ، بەخـشندەیی بەسـەرمدا دەڕژێ، هەست دەکەم دەوڵەمەندم و هەمـوو دنیا هی منە. هەمـوو هەژارییـەک چارەسـەری هەیە، تەنـیـا هەژاری دڵ نەبێ، دەسـتـمـایەی دڵم تۆی، ڕێگا بدە، بەو دەسـتـمـایە زۆرەوە دەست پێ بکەم»

وەک دەریا دەینووسی، وشـەکـانی جـارێک وەک وردە مـاسی خـتـووکـەی دیواری دڵـیـان دەدا، جـارێک وەک گژوگیا بەردەستی دەکەوتن، جارێک وەک وردە لمی کەنار ڕووباری خاس لە بەری پێی دەخشان. نووسیبووی:

«من هەرگـیـز مـانای کـات و ڕۆژەکـانم نەزانیـوە، لەو ڕۆژەوەی تۆم دیوە، ئیدی دەزانم کات لە دەستچوون واتا دووری لە تۆ، ڕۆژی ڕەش، واتا دەرنەکەوتنی تۆ»

زۆری دیکەی نووسی «هەرگیز بیرم لە خۆم نەکردبۆوە، ئێستا لە ئاوێنەی چاوی تۆدا خۆم دەبینم، ئێستا دەزانم گرنگ، شتێکم، ئەمانەتێکم لە سنگدایە، گرنگی من بە قسەیەکی تۆوە بەستراوەتەوە»

«حـــەزدەکـــەم لە دڵـی تۆدا هەر شـــتـــێک بم، دڵۆپەخوێنێک، ماسییەکی بچووک، سێبەری باڵندەیەک، هەنگێکی زەرد، تەنیـــا لەوێدابم، با بەردێک بم، بۆ بەردەبازی پێت»

سیروان ئەو شـارە وێرانەی لێ بووبووە باخـچە و باغی بەهەشت، ماڵە ڕووخاوەکەی خۆیانی لێ بووبووە کۆشکی سپی، گەڕەکـەکـەیان، هەمـوو شـتـێک جوان بوو، یەکـەم گـزینگی خـۆر، یەکـەم تیـشک یەکـەم جـار لە لووتکەی کێوی هیوا و خەونەکانی سیروانی دەدا.

سـیـروان پێش ئەوەی ڕای گـوڵـئـەندام بزانێ، لە دڵـی خۆی پرسیبـوو، عـەشق، شتـێکە خەڵـک ئەو ناوەیان لێ ناوە، شـتـێک وەک ئولفـەت و سـۆز لە دڵـیـدا چەکـەرەی کردبوو، لە پێشەوە دڵی خۆی ئەنگاوتبوو، دڵی بەرز بەرز فڕیبـوو، کـوا؟ ئێـسـتـا شاری وێران نابینێ، شـاری عـەشق هەرگیز ناڕووخێ، ناپاڵم و ئەتۆم دیوارەکانی ناڵەرزێنن.

سـیـروان دەینووسی، وەک ئـاو ڕسـتـەی دەخـسـتـە سـەر ڕستە، لاپەڕەی دەخستە سەر لاپەڕە. لە دوورەوە دەستی بۆ گـــوڵـئـــەندام بەرز دەکـــردەوە، وەک ئەوەی هەمـــوو ئەو ڕســـتـــانەی بەگـــوێدادابێ، دڵگـەرم بەو ڕۆژەی هەمـــوو ئەو لاپەڕانەی دەخـاتە بەردەم، سـیـروان تەنیـا نیـازی بوو لاپەڕەکانی بخاتە بەردەم، دڵی تەنیا بەو کاتە خۆش بوو، کە گوڵئەندام دەیانخوێنێتەوە، لەوەش دڵنیابوو گوڵئەندام هەزار دڵی هەبێ بەسەر وشەکانەوە دەتوێتەوە، لە نێـوان وشەکاندا پارچە پارچە دەبێ، زۆر جار نەشیدەویست ئەو دڵە بچـــووکـــەی گـــوڵـئـــەندام، کـــە هەر هێندەی دڵی پاسارییەکە بخاتە ناو ئەو گۆمی خوێنەوە. ئەو دڵنیابوو

که نەخشەی مێرووله تێبچێ، نەتوانێ جارێکی دیکە بگەڕێتەوە شارەکەی خۆی، نەخشەی ئەو کە بەو وشانە دروستی کردووە، هەرگیز هیچی بەسەر نایەت.

ئەو هەرگیز گرنگی بە جوانی و جلوبەرگ و قژی نەداوە، ئەو دڵنیابوو، وشەکانی، وشە لە ئاو ڕەوانترە و لە خۆر ڕووناکترەکانی دڵی، دڵۆپە خوێنەکانی ناو دەمارەکانی، هەست و نەستی، چاوە سەد ڕەنگەکانی داگیردەکەن، ئەو تەنیا ئەو چەند کاتژمێرەی لە تەمەنی ئەو دەویست، کە بەشی خوێندنەوەی نامەکەی بکات.

دایکی دەیدیت، ئەو کوڕە بێ پەروایەی، ئەو کوڕەی کە لە دارەتوو هەر خەریکی شەڕە سەگ بوو، ئێستا هەوایەک چۆتە لەشیەوە خەریکە نەیناسێتەوە، بزە و تەوسێک چۆتە سەر لێوی خەریکە تێی نەگات، دایکی بە عەلی بۆیاغچی مێردی گوت «کوا سیروانە قۆشمەکەی جاران، لە نێوان بزە و تەماشاکردنیدا شتێک، نهێنییەک، وەک شانازی و فیڵی لەبن نەهاتوو چوونە بن باڵی» نەیگوت، نەیتوانی بە مێردەکەی بڵێ، تەنیا ئەوەندە گوتی «لێرە کەس هیچ بۆیاغ ناکات، بیری جلە ڕەنگاوڕەنگەکانت دەکەم.» ترسا مێردەکەی گومانی ئەوەبکات کوڕەکەی تێک چووبێت.

نا، تێک ناچێ، نەخشە پۆلاییەنەکەی ناڕووخێ. سیروان ڕێگایەکی مسۆگەر و دڵنیای لە ناخی وشە و عەشقەکەی دەست پێ دەکرد و دەگەیشتە لووتکەی دڵی گوڵئەندام. ئەوەش خۆشییەک بوو، کەس نەیدەتوانی لە سیروانی بستێنێ. گوڵئەندامی وەک کۆلارەیەک دەدیت، کۆلارەیەکی کاغەزی هەزار ڕەنگ لە تاق ئاسمان با گەمە بەقژی دەکات. کۆلارەیەک کەوتۆتە هەوای خۆی، سیروان باکی نەبوو، باکی هیچی نەبوو، هەزاران گەردەلوول و باهۆز بێن کۆلارەکەی بەداوێک لە تیشک، بەداوی باوەڕ بەخۆبوون، بە دڵی سیروانەوە بەسترابۆوە.

ئەوەی بە ئەتۆم و ناپاڵم ناکرێ، قسەیەک دەیکات، قسەیەکی سادە و بێ خوێ:

- بڕیارمان داوە، ئەوان بۆ خۆیان زۆریان لێ کردین، بابیشی هەروای پێ باشە، لەگەڵ ماڵی ئەو دۆستەی بازیانمان، دەچینە گەڕەکی سەرێ، لە نزیک گرێداخی، دەڵێن خانوو لەوێ بکەین ئاسانترە.

دایکی سیروان ناڕەحەت بوو، بێ ئەوەی بزانێ بۆچی، تەنیا ئەوەندەیە ژن سیفەتی ماییینی هەیە، پێش بوومەلەرزە و لافاو هەست بە ڕوودانی کارەساتێک دەکات کە نازانێ چییە، پرسی:

- بۆچی لێرە، هەر لەسەر عەرزەکەی خۆتان، لە شوێنی خانووە کۆنەکەتان خانوو ناکەنەوە؟

- زۆرمان هەوڵ دا، کچێ ئەوە چەندە هەر بۆمان خاوێن نەکراوەتەوە،جا بناغە دەرهێنان و دەردەسەری. من زۆرم پێ ناخۆشە دوور دەکەوینەوە، لە هەر جێ بم جیرانی ئێوە نەبم وا دەزانم ئاوارەم. هەر لەبەر ئێوە حەزم کرد لە بازیانیش بێینەوە، وەک جاران، پێش ئەوەی ڕاتانگوێزن، ببینەوە هاوسێ و یەک ماڵ.

شیلانی دایکی سیروان دیسان وەک ماییینی نیگەران گوتی:

- ئێ چ گۆڕاوە؟ با هەر وەک جاران جیران بین، هەموو شتێک دروست دەکەینەوە.

- زۆر شت گۆڕاوە،خانوو هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە، کۆڵان و جادە وێرانە، بۆمان چاناکرێتەوە.

گوڵئەندامیش دەرکەوت، پێش ئەوەی هیچ بڵێ دایکی گوتی:

- گوڵئەندامیش پێی خۆشە.

***

«ئەویش پێی خۆشە»

سیروان گوێی لەوەندەبوو، زانی کە ماڵی پووری دەڕۆن، دەڕۆن لای دۆستی غەریبییەکەیان خانوو دەکەن، ئەویش پێی خۆشە، وەک ناپاڵم و ئەتۆم نەبوو دنیا بلەرزێنێ، وەک گوێزانێکی، لە مووس تەنکتر، وەک ئەڵماسێکی تیژ، لە ڕەگەوە دەماری هەست و خوێن و بوونی سیروانی بڕی، تەواوی وشە و قەڵەم، لەفزی وشک کرد، ڕووباری نامەکەی بۆ ئەبەد سڕکرد، تەواو وەک بیابانی ئەو ئۆقیانووسە بەستووانەی کە گەورە و بچووک، ژن و پیاوی فیلەتەن خلیسکانێی لەسەر دەکەن، کەشتییەکان بەیەکجاری چاڕۆکەکانیان دادەگرن و دەبنە ئوتێلی ڕابواردن و جنسگۆڕینەوە. هەر ئاوا ڕووباری وشەکانی، نەک ئەوەی ناو دڵی، ئەوەش کە نووسیبوونی، خستوونییە سەر کاغەز، بەستی، بەئەستووری زەریایەک بەستی.

کچ وا نییە، کچ وا نییە لە هیچ نەگات، ئەو بەستنە هەڵیخەڵەتێنێ، هەڵناخەڵەتی، نازانم کچ، بەڵام گوڵئەندام وا نییە. گوڵئەندام لەوانە بوو نەخشی سەر دیواری سپی دەخوێندەوە. پەپوولە و زەردەواڵەی دەکردە هاوڕێ، گوڵئەندام لەوانە بوو، ماسی کە لە ئاودا لەنجەی

دەکرد، لە ئاو دەهاتەدەر و دوای دەکەوت، وەختێک دەیزانی هاتۆتەدەرێ کە لە ڕووبارەکە دوور کەوتۆتەوە و توانایی گەڕانەوەی نەماوە و هەناسەشی بۆ نادرێ، خۆ گوڵئەندامیش هێندە ساویلکە نییە، هەڵیگرێتەوە و بیخاتەوە ناو ئاوەکەوە، کە هەڵیشگرێتەوە، ئەوەندە دڵناسکە، ناتوانێ سەیری دواهەناسەکانی بکات، بۆیە بە بەردێکی دادەکێشێ.

گوڵئەندامیش وایە کە پێدەکەنێ بەرد دەخاتە پێکەنین، دڵتەنگ دەبێ ئاوێنە شەق دەبا، ئەو وایە، دڵی کوڕێکی گرت، عەشقی بەسەردا دەڕێژێ، ئەوەندە زۆر، ئەوەندە زۆر، بەتەواوی دەیخنکێنێ، ئەو تا دوا پلە بەخشندەیە.

نامەکەی سیروانی خویندبۆوە، هەروا لە دەست ڕاوەشاندنەکانی، لە نیگا لەرزۆک و سۆفیانەکەی، ئا، نامەکەی خوێندبۆوە، لەسەر ئەو بەردانەی چەند ڕستەیەکی لەسەر هەڵقەندبوون. نا گوڵئەندام نامەکەی وەکو کاغەز و وشە نەدیبوو، ئەو ڕۆژەی نامەکەی دی، ئەو ڕۆژەی کە دڵە ڕیشاڵ ڕیشاڵەکەی لە تەونی تەلەکەی خۆی کردووە، گوڵئەندام سەرەتا پارچە گۆشتێکی دیت، دڵە شەقار شەقار و مندالآنەکەی سیروانی کوڕە پووری دیت، هەروا وەکو ماسییەکەی ڕووبار کە دوای کەوتبوو، هەڵیگرتەوە و پەڕە پەڕە هەڵیدایەوە، خوێندییەوە، هەر هەمووی خوێندەوە.

گوڵئەندام خزمایەتی دەزانی، بێ ئەمەک نەبوو، وەک ماسییەکەی بەبەردیدا نەکێشا، کلکی نەگرت و فڕێی داتە ناو تۆزوخۆڵ، نا هەروا بەسەر تەونی تەڵەکەوە بەجێیهێشت، لە شوێنی خۆی، چۆن بەداوەوە بووبوو، چۆن شەقار بووبوو، چۆن ڕەنگی چووبۆوە، هەروا بەسەر تۆڕ و داوەکەوە بەجێیهێشت. ئەو ئەوەی دەزانی کە ڕێوی و کەروێشک و کەو کە بەداوەوە بن و لێیان نەکەنەوە، بەسەر تەڵەکەوە دەمرن، بەڵام ئەوەی نەدەزانی دڵ بەسەر تەڵەوە جێبهێڵی نامرێ، بەڵام هەتاهەتایە خوێن دەتکێتەوە.

* * *

ماڵی گوڵئەندام چووبوون، لەگەڵ هاوسێ کۆنەکەیان، کە ڕۆژانی غەریبییان لە بازیان پێکەوە بەسەربردبوو، چووبوون، لەسەر عەرزی ئەوان خانوویان کردبوو، خانووە کۆنە ڕووخاوەکەی خۆیان و دڵی پڕ زاخاوی سیروانیان جێهێشتبوو، هەر ئەو ڕۆژەی سیروان گوێی لێ بوو

دایکی گوتی «گوڵئەندامیش پێی خۆشە ماڵیان بچێتە لای ماڵی هاوسێ کۆنەکەیان» هەر ئەوەندەی قسەیە، تەڵەکە بوو تەقیبوو، دڵە پڕ خوێنەکەی سیروانی گرتبوو، ڕیشاڵ ڕیشاڵ بووبوو، بەسەر تەڵەکەوە هەتاو وشکی دەکردەوە.

هەموو شتێک وەک ئەوە نییە کە دەردەکەوێت، گوڵئەندام لە دڵەوە ئەو کوڕە پوورەی خۆش دەویست، گوڵئەندام پێی خۆشە پەروانە بە دەوری باڵایدا بسووڕێتەوە، چەند حەزی لە قرچە و بۆچڕووکی باڵیان بوو، هێندەش بۆ مردنیان پەرۆشە و لە دڵەوە فرمێسکیان بۆ دەڕێژێ، هەر یەکەم ڕۆژ کە هاتنە ماڵیان عاشقی بوو، ئێستاش عاشقی بێدەنگی و ڕوحە دەروێشیەکەیەتی، نازانێ چی وا زوو شووشەی دڵی شکاند؟ نایەتە ماڵیان، کە بۆخۆشی دەچێتە ماڵیان ئەو دیار نییە، زۆر دوور دەیبینێ، بەناو خانووە ڕووخاوەکان و شەقامە پڕ چاڵوچۆڵەکاندا دەیبینێ، هیچ لە خۆی ناچێ، لە سێبەرێک دەچێ لێی جیابووبێتەوە.

گوڵئەندام ئەو هەستی خۆشەویستییەی کاتێک لە قووڵایی خۆیدا دۆزییەوە کە هێرشی نەفرەتی، بە سەر کوڕە نۆ ساڵانە گێلۆکەکەی گەڕەکەکەیانەوە گیرا، لە شاردا بوو بەقاو، پیاوێکی زڕتوزەلام دەستدرێژی کردۆتە سەر منداڵێکی بەستەزمان، ئەوەش کاتێک کە شووشە بۆنە ئیگۆکەی بۆ هێنابوو، بە هەموو هێزی بە دیواردادا و گوتی:

– با هەر ڕۆژە ئابڕووی کەسێک بەرێ، درۆ، من هەرگیز خۆشم نەویستووە.

گوڵئەندام ناحەقی نەبوو، یەکەم جاری بوو، دڵی بداتە کەسێک، دڵی نەدابووە هێرش خۆی، دڵی دابووە بازیان، خۆ تا ئێستاش کەسێک دڵی نەداوەتە بازیان و خیانەتی لێ نەکردبێ، دڵی دابووە ئەو هەموو وەزیفەی مەکتەبەی ئەو بۆی نووسیبۆوە، دڵی دابووە ئەو مێزەی، ئەو ڕۆژە بە نەخۆشی بە پشتی هێرشیدا کردبوو، کە لە مەکتەبەوە بەکۆڵ هێنابوویەوە بۆ ماڵێ.

کە ئەو ڕۆژەش هێرشی لەگەڵ کچێکی شلۆکەی هاوسێیان دی، هێرش گوتی:

– براکەی دۆستمە، کە ناردبوویە لام.

گوڵئەندام گوتی:

– من حەقم چییە؟ ئا، نیوەی گەنجی ئەم شارە بە براکەی خەنی بوون، دەبێ چەند بە خوشکەکەی خەنی

بووبن؟
هەرواش بوو، ئەویش بەبراکەی خەنی بووبوو، تا ئەو ڕۆژەی گیرا، تا ئەو ڕۆژەی چیرۆکەکەی لەشاردا بڵاوبۆوە، گوڵئەندام باوەڕی نەدەکرد کە هێرش ئەو کارەشی لە دەست دێ.

* * *

سیروان بۆنی دەشتودەری گرتبوو، بۆنی پاییز لەگەڵ ئەو دەهاتە ناو شار، زستان بە کۆڵی ئەوەوە بوو، یەکەم نێرگزی بەهار ئەو دەیهێنا. جارێ زستانی مابوو، سیروان لە بەری ئاسۆس نێرگزی لەبن بەردێکی هێنابۆوە، ئەو کاتەی گەیشتەوە ماڵێ، گوڵئەندام لە ماڵی ئەوان دەهاتەدەرێ، پێی گوت:
– جارێک نێرگزت بۆ من نەهێنا؟
سیروان بە دەستە بۆن خۆڵەکانی دەسکە نێرگزەکەی بۆ ڕاداشت، ئەو سەیری چاوی کرد، چاوە زەردەکانی سیروان تەواو، تەواو وەک نێرگزەکە دەبریقانەوە، ڕوخساریشی سپی و ڕەنگ پەڕیو، گوڵئەندام تۆزێک ترسا کە لەو دەشتودەرە دەستیان لێ وەشاندبێ.
ئەو نێرگزانەی ئەو ڕۆژە ڕوانەوە، لە باخچە و ناو ئینجانە نا، ئەو نێرگزانە ڕوانەوە، لە ناو دڵی گوڵئەندامدا چەکەرەیان کرد، ڕەنگێکی دیکە کەوتە سەر ڕوخساری سیروان، سپییەک سووری تێگەڕابێ، ئاڵ دەبێتەوە، ئەویش ئاوا.
ئەو ڕۆژەی قەڵادزێ ڕەنگی نێرگزی گرت، ئەو ڕۆژەی سیروان جلەکۆنەکانی گۆڕین و گوڵئەندام بەرگی سپی پۆشی، ئەو ڕۆژەی خانووە ڕووخاوەکانی قەڵادزێ هەستابوونە سەر نووکی پەنجەی پێیان، هەتا لەو سەرەوە گوڵئەندام و سیروان ببینن. ئەو ڕۆژەی بازاڕ پڕ بووبوو لە بۆنی ئەو ژنە جەسوورانەی دەمی گورگیان بەستبوو، بە کۆڵ گیای کوێستانیان هێنابوو.
کە هێرش ئازادکرا، هێشتا شار بۆنی گیای ئەو ژنانەی لێ نەتارابوو، هێشتا کراسەکەی گوڵئەندام وەک هەور بەسەر شاردا تێدەپەڕی، ئەو ڕۆژە فایلەکەی هێرش کە دەستدرێژی سەر منداڵان بوو، بۆ ئەبەد خرایە تەندووری لەبیرچوونەوە.
چۆن دنیا گۆڕابوو، هەرئاوا هێرشیش گۆڕابوو، زیندان و خەتاکاری خودایان بیری هێرش خستبۆوە، ئەو بڕیاری دابوو بژی، ڕۆژێک بۆ خۆی و سەد ڕۆژ بۆ خودا، ئەو بڕیاری دابوو تێکۆشێ ڕۆژێک بۆ خۆی و سەد ڕۆژ بۆ ئیمانەکەی. سەرەڕۆیی و منداڵبازی و حەیاچوون و سزا داغانیان کردبوو، چزەیان لە دڵی هەستاندبوو، کڕنووشی بۆ خودا برد و بەدەنگی بەرز بە هەمووانی گوت:
– من نایشارمەوە، تا بەدئەخلاقی چووم، دنیا فریوی دام و خلیسکامە ناو تاوانەوە، شەرم ناکەم کامە کارە نەنگ و سووکییە کردم، شەرمم نەکرد و بەبەر چاوی خوداوە کردم، جا چۆن دەتوانم لە ئێوەی بشارمەوە، خودا دەستی گرتم و خستمیە سەر ڕێی خۆی، دوای ئەوەی سێ ساڵی ڕەبەق گریام، گریام و پاڕامەوە، ئێوەش وەک تۆبەکارێک قبووڵم کەنەوە.
هاوڕێکانی گوتیان، هاوسێ و دۆست گوتیان:
– هەموو کەس هەڵە دەکات،
ئەو گریا بوو، بە گریانەوە گوتی:
– ئەوەی من هەڵە نەبوو، بەو پەڕی دڵەوە منداڵم هەڵدەخەڵەتاند، فێڵم لە کچان دەکرد، شەرمم لە خودا نەدەکرد، بەڵام ئیدی تەواو، خودا یارمەتیدام ئەو زیندانە نەفرەتییە سەرەڕۆیە لە ناخی خۆمدا بکوژم. بوومە کەسێکی دیکە، خودای بان سەر بۆخۆی فریام کەوت، لەبەر چاوی خەڵک داغی کردم و دڵی زیندووکردمەوە. ئێستا بێ خودا من هیچ نیم جگە لە ناوی خۆشەویست، هیچ شتێک بەلای منەوە گرنگ نییە.
ئەو ڕاستی دەکرد بەتەواوی گۆڕا بوو، لەگەڵ زیکر و تاعەت مووە درێژەکانی چەناگەی دەلەرینەوە و بۆی دەپاڕانەوە، ئەو تەرکی دنیای کردبوو، لە مزگەوت بەسەر سوجدەدا دەکەوت و دەیگوت:
– هەمووان حەقی ئەوەیان هەیە دڵخۆش بن، تەنیا من نەبێ، کە ڕووڕەشی قاپی خودام.
ئەوەتا ئەو ڕۆژەی ناچار بوو، بۆ دیتنی گوڵئەندام و سیروان بچێتە سەر نووکی پەنجەی پێی، هەر ئەو ڕۆژە نامەیەکی بە مۆبایل بۆ نارد «تەرکی هەموو دنیام پێ دەکرێ تەنیا تۆ نەبێ» دوای دوو ڕۆژ نامەیەکی دیکەی بۆ نارد و نووسی «من بە دڵگەرمی عەشقی تۆوە دڵم بە خودا داوە» لە سێیەم مەسیجدا نووسی «بەبێ تۆ هیچ تۆبەیەکم پێ ڕاناگیرێ».
گوڵئەندام دڵی لە پەمۆبە، دڵی لە پەشمەک و شەکرە، دەتوێتەوە، دەتوێتەوە، بەڵام ون نابێت و تامی تا قووڵایی دەڕوات، کاری خۆی دەکات و هەموو جەستەی کابرا داگیردەکات، گوڵئەندام لەو شەکرە کریستاڵیانەیە ئاگات لێ ببڕێ دەنیشێت و یەک دەگرێتەوە، دەبێتە

کەرسەکە شەکر، یان بەرد. تەواوی جەستەی هێرشی تەنیبوو، هۆشی پێ نەهێشتبوو.

***

سیروان بە کێو کەوتبوو، چڵە نێرگزێکی لە کوێستانان، لە هەر جێیەک شک بردبا، دەچوو بۆ گوڵئەندامی ژنی دەهێنایەوە، گوڵئەندامیش بە دایکی گوتبوو:

– هەموو شتێکی باشە، خۆشەویستی و خزمەت و ڕێزی، تەنیا جەستەی، هەست و بیرکردنەوەی، وەک گوڵەکانی ساردە.

هێرش ئەوەی لە کوێ بیستبۆوە، ئەو ساردییەی سیروانی لە کێوە زانیبۆوە، لە دایکی، لە کونی دیوارەوە، لە کوکوختییەکەی کوێسەبانەیانەوە. ڕۆژێک لە ناوەندی ڕێگا سڵاوی لە سیروان کرد، دەستەکانی گرت و گوتی:

– برام ئەو دەستانەی تۆ، بە نزا و پاڕانەوە گەرم دەبنەوە، وەرە لەگەڵ من وەرە.

سیروان هەروا سارد، بە دڵێکی ساردەوە لەگەڵی چوو، نوێژیان کرد و پاڕانەوە، هەر بەو دڵە ساردەشییەوە هێنایەوە ماڵێ، گوڵئەندام سەرسام و تاساو، ئەو دوو کەللەڕەقە چۆن بوونەوە دۆست، سیروان هەروا سارد و ئاسان گوتی:

– گوڵە تازەکان کاریان بە وشک بوونی گوڵە کۆنەکان نییە، مرۆڤەکان هەموویان بران، من زۆر دەمێکە ئەوە دەزانم.

هێرش بەسۆز و پامییەوە، گوتی:

– من زۆر درەنگ ئەوەم زانی.

ڕۆژێکی دیکە، دوو هاوڕێ گەیشتنەوە یەک، سیروان گوتی:

– ئەو جارە تۆ لەگەڵ من وەرە، من نزاکانم لەبەردەم گوڵێک دەکەم.

هێرش گوتی:

– بۆ گوڵێک؟ لەبەردەم خالقێک بیکە کە هەموو گوڵەکانی دروست کردووە.

سیروان گوتی:

– ئەوە بۆ من زۆرە، من گوڵێک دەناسم، ڕاست بە دڵمەوە دەنووسێ.

لەگەڵی چوو، بێ قسە. سەیری کەروێشکەی گەنم، هێلانەی باڵندەکان، گەمەی گەڵای دار چنارە چەورەکان، خۆ هەڵواسینی تووڵە مێوەکانیان کرد، لە پەنا کانییەک بەرانبەر گوڵە مێلاقەیەک دانیشتن، ئەوەندەی دەکرێ نزایان کرد، گوڵێک ئەوانی کردەوە دۆست، هێرش گوتی:

– نزای بەردەم گوڵە مێلاقە تەمەنی کورتە.

سیروان گوتی:

– ئەوەندەش زۆرە، گوریس مەخە ژێر دنیا. ناگاتەوە.

هێرش خۆی تەسلیمی گوڵە مێلاقەیەک کردبوو، وەک سیروان دەیگوت، بەڵام نا، ئەو گوریسی لە ژێر دنیادا ڕاخستبوو، دنیای ئەو گوڵئەندام بوو، کفری گەورە لای ئەو، ئەوە بوو شەو ئەو گوڵئەندامە بە دیار تەماشای ئەستێرەوە بنوێ، هەستی دەکرد، شەرەف و ناموسی داگیرکراوە، چەندان جار ئەو کچە مایینەی لە کۆڵ کردووە، ئێستا نا، ئەو دەم، کە لە بازیان لە غەریبی و منداڵی دەیانخوێند، بە ناو قوڕی مەعجوونی کۆڵانەکاندا، بە پاتەی لاستیک و سارد و کۆنەوە، تا ئەژنۆ بە قوڕ داچوون، هێرش نەبا ئەو شەوقە دەکەوتە چاڵێکەوە و قووتی دەدا، هەمیشە دەستی بە دەستییەوە بوو، زۆر جار هەر لە حەوشەکەی خۆیان پێڵاوەکانی بۆ دەشووشتەوە، قوڕی لینجی نێوان پەنجەکانی پێی بۆ دەردێنا، بەو خەتا و زیندانە نەفرەتییە، بە سەرەڕۆیی لە دەستی چوو، کچێکی لە دەست چوو وەک بارانیان بەسەردا باریبوو، با بۆ ئەوەی هێنا بوو.

سیروانی بۆ بۆتە ئەو چاڵە قوڕە ڕاستەقینەی گوڵئەندامی قووت داوە، بەبیانووی شیعری حیز و قژی درێژەوە، بە بیانووی دەستی ژێر چەناگە و خەیاڵاتەوە، بە بیانووی گیا و گوڵ و دەشت و کێوەوە کچەی تەمەنی لە دەست دەرهێنا، بەڵام ئەو کەر نییە، باوەڕ بەو ژن و مێردایەتییە ساختەیەیان ناکات، با پوورزای یەکتریش بن. لەو ماوە کورتەی دیار نەمانیدا، گێژی قوڕی سیروان گوڵئەندامی گرتووە، تەنیا دەستێک و چەند پەنجەیەک و ئەنگوستیلەیەکی وەنەوشەیی بە دەرەوە ماوە، ئەگەر هێرش هەروا بێ خەم دانیشێ، ئەوەش دیار نامێنی، بە گوڵئەندامی گوت:

– تا ئەو ئەنگوستیلەیەت لە پەنجە بمێنێ، بێ هیوا نابم.

گوڵئەندام گوتی:

– من وەفام بۆ ئەنگوستیلەکە هەر ماوە، ئەوە هی ڕۆژانی ئاوارەیی بوو.

هێرش گوتی:

– من بەو ڕۆژانەوە دەژیم، بۆ چرکەیەک لە بیرم ناچنەوە، خۆزگە هەزار ساڵی دیکە ئاوارەباین.

گوڵئەندام گوتی:

– بە جێما ، ئەو ڕۆژانە لە ناو قوڕ و لیتەی بازیان بە جێمان، تەمەنمان، ئاوارەییمان، منداڵیمان قسە هیچەکانمان بەجێهێشت، بیر لەو شتانە مەکەوە.

هێرش گوتی:

– بەڵام ئەوەتا بۆ خۆمان هاتووین، هەموو شتێکمان لەوێ بەجێهێشت، بۆخۆمان هاتین، قوڕ و بازیان وەفایان بۆ کەس نییە، یادگاری کەس هەڵناگرن، هەمووی ئەوەتا ، ئەوەتا لەپەڕەی دڵی مندایە. لەیەکەم ڕۆژەوە، تا سەرما و ڕەشەباکەی، تا بەهار و دەشتە سەوزەکەی، تا ڕۆژی پەنجەرە شکانەکەش.

گوڵئەندام بێ مەبەست سەیری مەچەکەکەی خۆی کرد، گرێیەکی بچووکی باریک، لای دەمارە شینەکەی مەچەکی بوو، هێرشیش بێ مەبەست، سەیری هەمان شوێنی دەستی کرد، مەچەکی گرت،بە ئاستەم دەستی بە شوێن برینەکەی گوڵئەندامدا هێنا ، کە سیروان هاتەوە هێشتا دەستی گوڵئەندامی لە دەستدا بوو، سیروان سەیری نەکردن، هێرش نەشڵەژا و گوتی:

– کاک سیروان، شوێنی ئەو برینەت دیوە لە مەچەکی گوڵئەندام، (سیروان ئاوڕێکی ساردی دایەوە) ئەو کاتە لە مەکتەب قوتابی بووین، لەو بازیانە هەر ڕەشەبا و تۆفە ، بەردێک بەر پەنجەرەی پۆلەکەیان کەوت، پەنجەرەکە شکا ، پارچە شووشەیەکی گەورە بەر مەچەکی گوڵئەندام کەوت (دەستی خستە سەر شوێنی برینەکە) ئەها بێرە، باش بوو دەمارەکەی نەبری، مامۆستاکان بۆیان پێچا ، بەڵام هەر خوێنی لێ دەهات، بە کۆڵ لە مەکتەبەوە بردمە نەخۆشخانە، دکتۆرەکە گوتی:

– نەتهێنابا ئەوەندە توند مەچەکیان بەستووە خوێنی ڕادەوەستا.

سیروان سارد، ساردتر لە دەنگی هێرش، نیگایەکی مەچەکی گوڵئەندامی کرد کە هێشتا بەدەستی هێرشەوە بوو، گوتی:

– دەمێنێ، شوێنی برین دەمێنێ، شوێنی برینی لە هەموو شوێنێ دەمێنێ.

هێرش گوتی:

– ڕاست دەکەی، بەڵام بە پێچەوانەی خەڵکەوە، من پێموایە تەنیا شوێنی برینی دڵ نامێنێ، ماسولکەی دڵ بێ وێنەیە، پتەوە، تاکە شوێنە شێرپەنجەش کاری تێناکات، برینی دڵ چاک دەبێتەوە، وەک ئەوەی هەرگیز..

سیروان بۆی تەواو کرد:

– وەک ئەوەی هەرگیز شوختی نەهێنابێ.

* * *

برینی دڵی هەرسێکیان چاک بووبۆوە، سیروان کەوتبووە نێوان ساردی دەشت و کێو و چاوە مەستەکانی گوڵئەندام. هێرش کەوتبووە نێوان تۆبەکردن و نزا و یادەوەری گوڵئەندام. گوڵئەندامیش کەوتبووە نێوان ئەو دوو ئافاتە.

ئەو ساڵە هەروا بەغەمباری تێپەڕی، غەمباریش هەروا بە بێ ڕەنگی تێپەڕی، ساڵێکی بێ ڕەنگ، نە ڕەنگی سووری عەشقی گرت، نە سەوزی بەهار، نە زەردی غەم، هەروا بێ ڕەنگ و بێ دەنگ.

کۆتایی مانگی دوو کە هێشتا بەفر لە گردەکانیش نەچووبۆوە، هێشتا دووکەڵی لوولە سۆبەی دێ، دڵی ڕێبواری بۆ ژووری گەرم دەکێشا ، سیروان گرەوی لەگەڵ گوڵئەندام کردبوو کە یەکەم گوڵە نێرگزی بۆ بێنێ.

گوڵئەندام گوتی:

– باوەڕ ناکەم، نێرگز ناسکە هێشتا ماویەتی بپشکوێ، جارێ ماویەتی.

سیروان گوتی:

– جگە لە چوونەوەی بەفر و فەرمانی سروشت، شتێکی دیکە هەیە، شتێکی کاریگەرتر، چاوەڕوانی دڵێکیش بۆ نێرگز گرنگە، ئەو گەرمییەی دڵ دەیداتێ پێی دەژێ. من دەزانم نێرگزی کام کێو، کام چیا ، لە چ ڕۆژێکدا ، لەگەڵ گزینگی کام بەیان دەکرێتەوە.

سیروان زۆر پێش هەتاو چووبوو، بە لارێدا سەرکەوتبوو، گەیشتبوو، ئەو دیوی کانییەشینێ، لەگەڵ یەکەم تیشکی هەتاو، ڕیزە نێرگزێک چاویان کردبۆوە، دەستی بۆ یەکەم چڵ برد، دەستی بۆ برد و لێی کردەوە، گوتی:

– چەند لە چاوی تۆ دەچن. گوڵئەندام من بە تیشکی دڵ ئەوانە دەپشکوێنم.

لەگەڵ ئەو قسەیە ناڵەیەک هەستا بوو، ناڵە و شریخەیەک، ناڵەیەک شاخەوشاخ دەنگی دابۆوە، بۆنی بارووتیشی کردبوو، بۆنی بارووت لە ناو کێوان سەبووری شکێنە، ئاوا هی دۆست و ئاشناش بێ، گەرماییەک گەیشتە ئەژنۆی، گەرماییەک وەک خزینی لمی گەرم، وەک ئەوەی ئەژنۆی کەوتبێتە بەر هێرشی سوپای سوور، ڕیزە

نێرگزەکە چاویان نووقاند، ئەوەندە هەناسەیان تەنگ بوو چاو بنووقێنن، گیا غەمبار بوو، گوللەیەک بەر ڕانی سیروان کەوتبوو، خستبوویە سەر ئەژنۆ.

کە گوللە بەر ڕانت دەکەوێ، کە ئێسقان نەگرێ، شل نابێ، ئەوانەی گوللەیان بەر ڕان کەوتووە ئەوە دەزانن، هەرچی خوێنی قەتیس ماوی ناو دەمارەکانە وەک بۆ سەر شایی و زەماوەند بچن ڕیز دەبەستن، دێنە شوێنی گوللەکە، تا نەگەنە بەر دەمی کونەکە نازانن، دەڕژێنە دەرێ و دەکەونە سەر زەوی، زەوی نیوە بەفر و نیوە گیا. هێشتا گەرم، تێکەڵ گیا و بەفر دەبێ، ئەوە خوێنی سیروانە، خوێنێکی بە عەشق سەرخۆش، بێ گومان کە گوللە ئێسکی ئەویشی نەگرتبێ، نا، هی ئەو نەیگرتبوو، گۆشتەکەی گردەبڕ بڕیبوو، کەوتبووە سەر ئەژنۆ، هێشتا نێرگز بەدەستەوە، ئیدی ئەوە وێنەی عەشقە، دەکەوێت و خۆشحاڵە، عەشقێکی فیداکار، فیداکار و سارد.

سیروان هەر بەسەر ئەژنۆوە نووسی، لە شاشەی مۆبایلەکەی نووسی:

«وێنەکەت لەبەر چاوم تەڵخە
چاوی نێرگزیش
بەڵام خوێنم دڵۆپ دڵۆپ تیکەڵ تۆ دەبێ»

سیروان کەوت، کەوتە ناو خوێنی خۆی، زەوی جێگای شانازی و نازی ئەوە، وردە وردە خوێنەکەی دەمژی و ترسی سیروانی لە بۆنەکەی دەڕەواندەوە، دوو باڵندە بێ ئاگا لە زامی سیروان، باڵیان لێک دەسوو، دەنووکیان لە پەڕەی گەردنی یەکتردا نقووم دەکرد، پەنجە باریکەکانیان لە ناو گیاکەدا سوور بوو، سوورێک بەتامی خۆشەویستی، سیروان نامەیەکی دیکەی نووسی:

خۆشەویستی بۆ ئینسان سەختە
جەستەیەکی نەخۆش و عەقڵێکی نەخۆشتر و خوێنێکی قورس
تۆش نەتەوێ، من بەخۆشەویستییەوە چاوەڕێت دەکەم
با گیا دامپۆشێ
تا تۆ نیگەرانی چاوەڕوانی من نەبی.

سیروان کەوت، کەوتە سەر پشت، ئاسمانی قووڵ، لە تەمەنی قووڵتر، شین بووبۆوە، نووسی:

«بەسەر تەرمی خۆمدا دەنووشتێمەوە
بێهوودە
وادەزانم تۆی.»

هێرش نیشانەی لە سینگی گرتبوو، بەشی ئەوە خۆی دواخست بەبرینەکەیەوە بمرێ، کورتی هێنا بوو، کە گەیشتە سەری، مۆبایلەکەی لە دەست بەربووبۆوە، چاوی داخرابوون، هێرش گوتی:

– دەبوو زووتر مردبای.

سیروان گوێی لێ بوو، دەشێ دەنگەکەشی ناسیبێتەوە، دەشێ دەستیشی بەرزکردبێتەوە تا هەڵیگرێتەوە، دیسانەوە گوتی:

– دەبوو زووتر مردبای، ژەهری سارد.

هێرش دەستەکانی سیروانی گرت، ڕایکێشا، سیروان هەستی دەکرد، سەری، پشتی، قوونەجۆڵەی بەر بەردی تیژ دەکەون، فڕێی دایە چاڵێک، بە گڵ و بەرد دایپۆشی، سیروان ئەگەر دەستی بۆ جووڵابایە، دەینووسی:

«دامپۆشە، بەگڵێک لە جەستەی خۆت
بە گیایەک لە ڕەزی قژت دامپۆشە
جگە لە خۆت باکەس دەستی بەر جەستەم نەکەوێ»

هێرش کە گەڕایەوە. مۆبایلەکەی سیروانی لەسەر گیاکە هەڵگرتەوە، هەر بە مۆبایلەکەی سیروان، بەو مۆبایلەی سیروان شیعرەکانی پێدا ناردبوو، هێرش بۆ گوڵئەندامی نووسی:

«ژەهری سارد بۆ ئەبەد سەر زەوی بەجێهێشت»
گوڵئەندام بۆی نووسیبوو
«دەستخۆش»

* * *

سەگی شوانێک بە بۆنی ساردی تەرم، سیروانی لە ژێر گڵ و بەرددا دۆزییەوە، نێرگز لەسەر سینگی ڕوابۆوە، خەونێک لە چاوانیدا نەمابوو، کە گەیاندیانەوە، گوڵئەندام لەرزی لێهات، بە بۆنی گیا و گڵ ناسییەوە، کە ڕژابووە سەر ڕوخساری شار.

ئەفسەرەکە هەموو حیکایەتەکەی زانی، نهێنی ئەو تەرمە ساردەی کوێستانی دۆزییەوە، عاشق و شیعر و گوڵەکانی ناسییەوە، بە هیچ ڕانەچڵەکا، بەو هەموو وشانەی لەسەر دار و بەردی شاری ڕووخاوی نووسیبوو، بەو هەموو گەڕان و کەژ و کێو تەی کردنە ڕانەچڵەکا، ئەوەی تەزاندی تاکە وشەکەی گوڵئەندام بوو، کە دوا نامەش بوو بۆ مۆبایلەکەی سیروان هاتبوو «دەستخۆش»

دادوەرەکە لە دۆسییەکەی ئەوان نا، لە دەفتەری یادداشتەکانی خۆیدا نووسی

«هیچ سزایەک نییە، قەرەبووی ئەو دەستخۆشییە بکاتەوە»

٢٠١٧/١٢/١
٢٠١٨/٤/١٧